Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 67-105
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.2
ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# سیمیۆلوژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی"دا

د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
halmat.rasool@soran.edu.iq

**پوختە**

سیمیۆلۆژیا پەیوەندی بە زۆر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەیە، پەیوەندی بە زانستە مرۆڤایەتی و زانستە سروشتییەکانیشەوە هەیە. یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی ئەمڕۆ لە بواری ڕەخنەی نوێی ئەدەبیدا بایەخی پێدەدرێت، سیمیۆلۆژیایە. سیمیۆلۆژیا لە هەردوو ئاستی قوڵی دەق و ئاستی ڕووکەشی دەقدا چالاکانە لە چوارچێوەی گوتاری دەق و گێڕانەوە و بنیادی دەقدا بەشدارە. بەتایبەتی ئەو جوڵانە سیمیۆلۆژیاییەی لە دوای ساڵانی شەستەکان لە فەرەنسا، کاریگەرییێکی زۆری کردە سەر خوێندنەوەی ڕەهەندە بەرفراوانەکانی دەق. لەم توێژینەوەیەدا ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی"دا) میتۆدی توێژینەوە لەژێر ڕۆشنایی کار و پۆلێنکارییە سیمیۆلۆژییەکانی گریماس بۆ ئاستی ڕووکەشی دەق لە هەر دوو جۆری (بنەمای گوتاری و بنەماکانی گێڕانەوە) ئەنجامدراوە.

**وشە کلیلییەکان:** بنیاد، گێڕانەوە، ئاستی ڕووکەشی دەق، گوتاری گێڕانەوە، هۆکاری خوود

# سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی" دا

## پێشەکی

سیمیۆلۆژیا وەک بابەت لە دەرەوەی ئەدەبیات و زماندا سنورێکی بەرفراوانی هەیە، زۆرێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و بواری جۆراوجۆری نازمانی و هێما و نیشانە جۆراوجۆرەکانی دەووروبەرمان دەکەونە خانەی سنوری توێژینەوەکانی سیمیۆلۆژیا، ئەدەبیاتیش لەچوارچێوەی ئەو پەیڕەوە نیشانەییەدا، سیمیۆلۆژیا دەخاتە خانەی توێژینەوەکانی خۆیەوە. سیمیۆلۆژیا وەک ڕەهەندی ڕەخنەیی سنوری کارکردنی بەپێی جۆرەکانی ئەدەب و بنیادی هەر یەکێک لە جۆرە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لە هەر دوو ئاستی قوڵی دەق و لە ئاستی ڕووکەشی دەقدا، شرۆڤەی دەق دەکات. هەردوو ئاستەکەی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە بۆ ئێستای دەقی ئەدەبی کوردی زۆر گونجاوە، بەتایبەتی زمانی دەقی هاوچەرخ، زمانێکی ڕەمزئامێزە و بنیاد و پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و جۆراوجۆری لە گێڕانەوەدا هەیە، بۆیە ئەم ڕەوتە ڕەخنەییانە بۆ دەق و بۆ خوێندنەوەی دەق بایەخی تایبەتییان هەیە.

بنیادی گێڕانەوەی لە جۆری ئەدەبی ڕۆماندا بەپێی زمانی گێڕانەوە و کارەکتەر و شوێن و کاتی گێڕانەوە، پەیوەندییێکی ئاماژەیی هێمادار لە ئاستی بنیادی ڕووکەشی و ئاستی قوڵی دەق بەپێی جۆر و ئاستەکانی سیمیۆلۆژیا دەگرێتەخۆ، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ناونیشانی **(سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی**

"کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ی "بەختیار عەلی"دا)مان هەڵبژاردووە، تا لە بنیادێکی سیمیۆلۆژیایانەی دەرەوەی دەقەوە لە توخمە پێکهێنەرە ئاساییەکانی دەق بڕوانێنە بنیادە گشتییەکەی دەق. بەمەبەستی چوارچێوەگرتنی زانستییانە و قوڵبوونەوەی زیاتری بابەتی گێڕانەوەکە، لە سنووری توێژینەوەکەدا تەنها ئاستی ڕووکەشی دەق، بەدەر لە ئاستی بنیادی قوڵی دەق، بۆ کاری ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە.

بایەخی توێژینەوەکە وێڕای ئەوەی خوێندنەوەیەکە بەپێی ڕەوتێکی نوێی ڕەخنەیی بۆ ڕۆمانێکی نوێی کوردی، کە لە ئاستی زمان و بنیادی گێڕانەوەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لایەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئاسۆیەکی تازە بۆ خوێندنەوەی بواری سیمیۆلۆژیا و گێڕانەوە دەخاتەڕوو، کە دەقی کوردی بەگشتی لەژێر ڕۆشنایی ڕەوتە نوێیەکانی ڕەخنەدا پێویستی بە توێژینەوەی جۆراوجۆر و هەمەلایەن هەیە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەنگاوێک بۆ بەدواداهاتنی کاری زیاتری بواری سیمۆلۆژیا، بەتایبەتی ئاستی جۆرەکانی بنیادی دەق، توێژینەوەی زۆر و هەمەلایەن هەڵدەگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەنگاوێک بۆ ڕەخساندنی بوارێکی دیکەی توێژینەوە لە ئاستی قوڵی دەقی ڕۆمانەکەدا.

مێتۆدی توێژینەوەکە وەک مێتۆدێکی وەسفی شیکارییە لەژێر ڕۆشنایی کار و پۆلێنکارییە سیمیۆلۆژییەکانی گریماس ئەنجامدراوە. ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەند پێکهاتووە: پێکهاتەی  گێڕانەوە و پێکهاتەی گوتاریی دەگرێتەوە.

## دەروازە: بوار و ئاستەکانی سیمیۆلۆژیا

سیمیۆلۆژیا پەیوەندی بە زۆر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەیە، وەک فەلسەفە و لۆژیک و مرۆڤناسی و دیاردەگەرایی و پزیشکی و زمان و ئەدەب....هتد. سیمیۆلۆیا ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم توێژەراندا کردەوە، کە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆر بۆ بەرهەمەکانی مرۆڤایەتی بڕوانن، لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا بەڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەریی بەرچاوی لە هۆشیاریی ڕەخنەییدا کردوە. سیمیۆلۆژیا بۆ خوێندنەوەی دەق و ڕاڤەکردنی بنیادەکانی دیکەی مەعریفە و جوانناسی و دەلالەتەکانی دیکەی دەق بەهەند وەرگیراوە و پەرەی پێدراوە (بنگراد، ٢٠١٢: ١٥،١٠).

سیمیۆلۆژیا لەپاڵ زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، وەک زانستی نیشانەکان بووە یەکێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەتی بەرفراوانی سنووری سیمیۆلۆژیا وایکردووە، لە بواری هزری و خوێندنەوە و بنیادی دەقدا قسەی زۆر هەڵبگرێت و لە بواری پراکتیزەکردنیشدا، لق و پۆپی زۆری لێ ببێتەوە و ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی هەڵوەشاندنەوە و تێکخستنەوەی دەق و ناونیشان و نیشانەکان.

ئاڕاستەکانی سیمیۆلۆژیای هاوچەر، بەتایبەتی لەسەر بنەمای دی سۆسێر و پێرس، وردەوەردە گۆڕانکاریی تێدەکەوێت و لەگەڵ زانستگەلی دیکە و ڕێڕەوی توێژینەوەی ئەدەبیدا بەرفراوان دەبێت، تا جۆرەها لقی لە ئاستی دەلالەت و پەیوەندی و ڕۆشنبیری لێدەکەوێتەوە (عومەر، ٢٠١٦، ل٨-١٣). زمان وەک کەرستەیەکی ئەدەب و هەڵگری بیرەکان، لەچوارچێوەی نیشانەی هەمەجۆردا

خۆی دەنوێنێت، سیمیۆلۆژیاش وەک هەوڵێک بۆ گەڕان بەدوای ڕاڤە و واتاکانی دەقدا لە ڕێی پەیڕەوی نیشانەکان (بەتایبەتی بۆ شیعر یان زمانی گێڕانەوەی شیعری) ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆیە بەشێوەی جۆراوجۆر قوتابخانەی سیمیۆلۆژی دەردەکەون، وەک قوتابخانەی ئەمریکی، کە پێرس ڕابەرایەتی دەکات، هەروەها قوتابخانەی ڕووسی کە لە لایەن فۆڕمالیستە ڕووسەکان و دواتر تارتۆ Tarto ڕابەرایەتی دەکرێت، دواتر قوتابخانی فەڕەنسی سۆسێر و قوتابخانەی ئیتاڵی ئەمبێرتۆ ئیکۆ دەردەکەون. هەر یەکەیان ئاست و بنەمای تیۆری سیمیۆلۆژییان بەرفراوانترکردوە (ڕەئوف، ٢٠١٦: ٧٦-٩٧). بەمەش ڕەگ و ڕیشەی دەستپێکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق لە ئاستی بنیادی دەرەوەی دەق بۆ بنیادی ناوەوە، بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیووە، لە ئەفلاتون و پۆیەتیکای ئەرستۆوە بگرە، تا دەگاتە فۆڕمالیستە ڕووسەکان و پۆیەتیکای نوێ و دواتریش ئەدەبیاتی ئەدەب و تا دەرکەوتنی گوتاریی حیکایەتی، چەندین قۆناغی بڕیوە. لە ساڵانی شەستەکاندا بەتایبەتی شیکردنەوەی بنیادیی بۆ گێڕانەوە (ئەو دەقانەی کە گێڕانەوەیین) وەک بایەخ پێدانی تۆدۆرۆف لە ساڵی 1967 و جیراجنێت لە ساڵی 1972 بە توێژینەوەکانی گێڕانەوە، زیاتر ئاڕاستەیەکی زانستی وەرگرت (شقروس، ٢٠٠٥: ١١٥-١١٨)، دواتر وردە وردە گێڕانەوە لە ئاستی جۆراوجۆری ڕەوتەکانی تری ڕەخنەوە، خوێندنەوەی بۆ کرا و لە بواری ڕەوتەکانی نوێی ڕەخنەدا بەردەوامییان پێدرا. بۆیە خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیا بۆ گێڕانەوە، پەیوەندییەکی هەمەلایەنەی نێوان زانستی گێڕانەوە و ڕەوتەکانی ڕەخنەیە. سیمیۆلۆژیا لە هەردوو ئاستی قوڵی دەق دەرخەری ئەو پەیوەندییە واتاییانەیە، کە

لەمیانەی ڕووکەشی واتادا ڕاستەوخۆ دەرناکەون، بۆیە پشت بە لۆژیکییەتی ناو دەق و پێکهاتەی دەربڕینەکان و سستەمە نیشانەییەکانی ناو دەق دەبەستن، لەلایەکی دیکەشەوە سیمیۆلۆژیا لە ئاستی ڕوکەشی دەقدا بنیادی گێڕانەوە و گوتاریی گێڕانەوەی دەق دەخاتەڕوو، کەواتە بەهەردوو دیوی ئاستی قوڵی دەق و ئاستی ڕووکەشی دەق سیمیۆلۆژیا لە ڕاڤەی دەق وەک سیستەمی نیشانەیی و بونیاد و گوتاریی گێڕانەوەیی بەشدار دەبێت.

لە ڕۆمانی نوێ بەگشتی و بەتایبەتی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، زمان و گۆشەنیگای جۆراوجۆر و ڕەهەند و شێوازە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە و فرەدەنگی سیمای ناسینەوەی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسن، ئەمەش لە ئاستی ڕوکەشییانە و تاک ڕەهەندی خوێندنەوە دوورمان دەخەنەوە، بەجۆرێک لە بنیادی دەقدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە زنجیرەیی نیشانەوە، بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆری ئاستی دەلالی وەک ئاسۆی توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیادا بەڕووی دەقدا دەکرێتەوە، چونکە لە تیۆری نوێی ڕۆماندا، ڕۆمان ((بەردەوام شێوازی نوێی خواستووە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا خۆی گۆڕیوە و چەندین ڕێگە و شێوازی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە گۆڕەپانی ئەدەبدا چالاکانە خۆی بنوێنێ)) (ئەلوەنی، ۲۰۰۹: ۲۲)، ئەو شێوازە تازەیەی، کە لە ڕەوتی نوێی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا پەیڕەو دەکرێت، کەم تا زۆر لەو جۆرە بنیادە پێکهاتە تێکچڕژاوانە دایە، کە سیمۆلۆژیا دەتوانێت بایەخ و ڕۆڵی خۆی لە پێکهاتەی زمانی دەق و بنیادی گێڕانەوە و تەکنیکەکانی گۆشەنیگادا لە هەردوو ئاستی ڕووکەشیی و قوڵیی دەقدا بخاتەڕوو.

سیمیۆلۆژیا قوڵبوونەوەیەکی ڕاڤەییە لە ئاستێکی ڕووکەشیی بۆ ئاستێکی قوڵی واتایی، لەسەر پەیوەندییەکانی ناو دەق و بەشێوەی پێکهاتە و هەڵوەشاندنەوە کاردەکات. کەسایەتی لە ڕەوتە کلاسیکییەکانی گێڕانەوە و دەقی ئەدەبیدا خودان پاشخانێکی ڕۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەو جۆرەی کە نووسەر لە دیاریکردنی کارەکتەردا ئەو ڕۆڵەی پێدەدا، بەڵام ڕەخنەگرانی بنیادگەرایی و فۆرماڵستەکان و ڕەخنەگرانی بواری سیمیۆلۆژی، چەمکی کەسایەتییان بۆ چەمکێکی نوێی زمانیی گۆڕی، کەسایەتییان بۆ بکەر (الفواعل) و هۆکار (العوامل) گۆڕی[١] (بودالي، ٢٠١٦: ١١).

سیمیۆلۆژیستی فەڕەنسی گریماس ( Julian Algerdas Greimas) بەهاوکاری هەمەلایەنەی قوتابییەکانی کۆمەڵێک تێگەیشتن و لێکدانەوەی گێڕانەوەی بنیادی واتایی خستنەڕوو، بەجۆرێک هەندێک لەو میکانیزمە نوێیانەی بنیادی گێڕانەوە شێوەیەکی زانستی وەرگرت. گریماس دەق و ڕۆمانی بەسەر دوو بەش یان دوو ئاستدا دابەشکرد[٢]: یەکەم/ ئاستی ڕووکەشی دەق، دووەم/ ئاستی قوڵی دەق[٣].

**ئاستی ڕووکەش:**

**ئەلف- پێکهاتەی ئاوێتە/ هێڵکاریی گێڕانەوە/ بنەماکانی گێڕانەوە**

بریتییە لە هێڵکاریی گێڕانەوەیی (ناوەرۆکی دەقی گێڕانەوەیەک) و چۆنیەتی ڕێڕەوی گێڕانەوەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، هەروەها ئەو بنەما و هۆکارانە دەگرێتەوە کە زنجیرەیەک لە بار و بارگۆڕان لەخۆدەگرن، واتە پەیڕەوێکی هێڵکاریی گێڕانەوەییە و چۆنیەتی گوزەرکردنی گێڕانەوەکەیە لەسەرەتاوە بەرەو کۆتایی (شقروس،

٢٠٠٥: ١٢١). بنەمای گێڕانەوە گەیشتنی بکەرەکەیە لە خاڵی یەکەم بۆ خاڵی دووەم، هەر خاڵێک گوزارشت لە سەرەتا و کۆتایی بکات، بەجۆرێک کە بکەرەکە لە خاڵی سەرەتاوە بچێتە خاڵێکی تر، دواتر بۆ کۆتایی. هاتنەپێشی زۆر شت وەک بەربەست و گۆڕانکاریی لە ڕێڕەوی گێڕانەوەی بنیادی بەردەوامی دەقەکە؛ ئەمە هێڵکاریی گێڕانەوەییە، ئەمەش کارێکی لەخۆوەیی نییە، بەڵکو یاسایەک ئەمە دەگرێتەخۆ کە لە چوارچێوەی هێڵکاریی گێڕانەوەیی دایە (بنگراد، ١٩٩٤: ٤٨)، بۆ نمونە سوارچاکێک بۆ بەدەستهێنانی دڵدارەکەی خۆی، یارەکەی داوای لێدەکات ئەو گوڵەی بۆ بێنێت، کە لە شوێنێکدا هەیە و دواتر سوارچاکەکە دەزانێت ئەمە پاسەوانی هەیە و دەکەوێتە ململانێ و دواتر لەگەڵی دەجەنگێ و گوڵەکە بەدەست دەهێنێت، ئەمە هێڵکارییەکە بۆ بەدەستهێنانی بابەت، بۆ دەرچوون لەو چرکەساتانەی کە بکەرەکەی پێدا تێپەڕدەبێت، لەسەرەتاوە تا کۆتایی کردەی بارگۆڕانە، گریماس ئەمە بە تاقیکردنەوەی سیانی ناو دەبات (بوضیاف، ٢٠١٧: ٤٩) [٤].

## ب- بنەمای گوتاریی/ پێکهاتەی گوتاریی

وێنە و شوێنەوارە واتاییەکان ڕێکدەخات و گرنگی بە ڕۆڵی وێنەکان و ئەرکەکانیان دەدات، ئەو وێنانەی کە دەق دەیان گرێتەخۆ، واتە کۆکردنەوەی کۆی وێنەکان لەپێناو کۆکردنەوەی ئەرکەکانی نوێنەران و ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینن، هەروەها پۆلبەندیکردنی ئەرکە باڵاکان و پێکهێنان و کۆکردنەوەی ئەرکە بچووکەکان لە ئەرکی باڵادا، هەروەها دیاریکردنی بکەر و هۆکار لە پەیوەندییەکانی پێکهێنانی بنیادی هۆکاریدا کە لە کۆکراوەی وێنەیی پێکهاتەی گوتاریی پێکدێت (البنية العاملية) (شقروس، ٢٠٠٥: ١٢١-١٣٤).

**تەوەرەی یەکەم: پێکهاتەی ئاوێتە/ هێڵکاریی گێڕانەوە/ بنەماکانی گێڕانەوە**


گریماس سوودی لە نمونەی توێژینەوەکانی پێشتر وەرگرتووە. لە هەموو ئەو توێژینەوانەدا نموونەی هۆکاریی (النموذج العاملي) لێ بەرهەمهێناوە (بوضياف،٢٠١٧: ٣٨-٤٠)، وەکو لیڤیشتراوس و ڤلادمیر پروب[٥] لە نمونەی حیکایەت و سۆریو لە نموونەی دەقەکانی شانۆ و تسنییر لە گرنگیدانی بە ڕستەسازیی بنیادی، بەتایبەتی ئەو جێبەجێکارییانەی لە هەر دوو لایەنی شیکردنەوەی وەسفی و ئەرکی کارەکتەرەکاندا کردوویانە لەو نموونانەدا کۆمەڵێک ئەرک و هۆکار دووبارەکراونەتەوە، کە بە نموونەی هۆکاریی ناسراون، پەیوەندییەکانی ئەو هۆکارەش گریماس بەپێی شەش پەیوەندی لەسێ تەوەردا جیایان دەکاتەوە (بوعيطة،٢٠١٣: ٤٢-٤٣ و أونيس، ٢٠١٢: ص٤٣-٥٥):

تەوەرەی گەیاندن (التواصل/الإبلاغ): لە نێرەر (المرسل) و وەرگر (المرسل اليه) پێکدێت، ڕۆڵی نێرەر ڕازیکردنی بابەتە، هەرچی وەرگرە سوودمەندی بابەتەکەیە.

تەوەرەی ئارەزوو (الرغبة): پەیوەستە بە خود (الذات) و بابەت (الموضوع)، تەوەرەی ئارەزوو بنەڕەتی نمونەی هۆکارییە (النموذج العاملي)، ئارەزووی خود بۆ بەدەستهێنانی بابەت، دوای ئەوە دێت، کە لە لایەن نێرەرەوە ڕازی دەکرێت، هەرچی بابەتە لە لایەن خودەوە ئارەزووی خوازراوە، واتە چەقی ئامانج و ویستەکانی خودە.

تەوەرەی ململانێ (الصراع): لە هاوکار (المساعد) و بەربەست (المعارض) پێکدێت، ڕۆڵی هاوکار هاوکاریکردنی خودە بۆ دۆزینەوە و بەدەستهێنانی بابەتی گرنگ و بنەڕەتییەکە، لە بەرامبەر ئەمەشدا، بەربەست بۆ وەستانی کارەکە و گەیشتن بە ئامانج و بابەتی کارەکەیە و وەک بەربەستێک دەردەکەوێت.

نموونەی هۆکاریی بە هەموو ئەو پەیوەندییانەی کە هەیەتی لە ژمارەیەک ئەرک و ڕۆڵ پێکدێت، کە لە هەموو گێڕانەوەیەک یان چیرۆکێکدا دێنە پێشەوە و ئەو ڕۆڵانەش جێگیر نین، بۆ ئەو کەسایەتییانەش کۆمەڵێک بارگۆڕان و گۆڕانکاری ڕوو دەدەن، بەو پێیەی لە دەقی گێڕدراوەدا کە لە باری یەکەمەوە گۆڕدرا بۆ باری دووەم، ئەو گواستنەوەیە ڕێگایەکی هەروا لەخۆوەیی نییە، بەڵکو ڕێکخراوەیی بەپێی لۆژیکی تایبەتە (بنگراد، ٢٠٠٣: ٥٤-٥٥). ئەو هۆکارانەی کە بارگۆڕان یان زۆر گۆڕانکارییان لەسەر ڕوو دەدەن، دەکرێت مرۆڤ حەیوان و بیرۆکە..هتد بن. لە ئاستی پێکهاتەی گێڕانەوەییدا هۆکار جێبەجێکاری ڕۆڵەکانی هۆکارییە، لەهەمان کاتدا هۆکار ڕۆڵی بابەتیانەش لە ئاستی گوتاریی گێڕانەوەییدا لە بنیادی ڕووکەشیدا دەبینێت (حمداوي، ١٩٩٧: ٨٨)، هەروەک لەو نموونەیەدا خراوەتەڕوو:





نمونەی هۆکاریی (النموذج)

## نموونەی هەرکاری لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگیینەکاندا

لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا بەپێی ئەو هێڵکاریی و ئەو شەش پەیوەندییەی کە لەو سێ تەوەرەدا هەیە، بەشێوەیەکی شیاو لە ئاستی ڕووکەشی دەق وەک پەیکەریی گێڕانەوەیی نمونەی هۆکاریی دابەش بووە، نێرەر دەبێتە (جوانی و سادەیی سەوسەن فیکرەت)، کە پاڵنەری خودەکەیە، بابەتەکەش (سەوسەن فیکرەت گوڵدانچی)یە، واتە ئەو کچەی کە لە ڕۆمانەکەدا سێ کارەکتەر دەیانەوێت خوازبێنی بکەن، وەرگر دەبێتە سێ داواکارەکە (کامەرانی سەلما، مەنسوور ئەسرین، خالید ئاموون)، بۆ بەدەستهێنانی سەوسەن فیکرەت زۆر کێبڕکێی سەخت دەکەن، خود (کامەرانی سەلما)یە، کە یەکێک لە داخوازیکارانی سەوسەنە. لە نێوان هەر سێ داخوازیکارەکەش بۆ گەیشتن بە بابەت دەبنە وەرگر، بۆ هەر یەکێکیشیان کۆمەڵێک هاوکار و بەربەست هەن.

بەپێی ڕێڕەوی گێڕانەوەکە هەر سێ داخوازیکەرەکە، واتە بە کامەرانی سەلماشەوە کە وەرگرن، دەکرێت وەک خودیش بۆ بابەت سەیر بکرێن، چونکە هەر یەکیان بۆ گەیشتن بە بابەت یەک

ئامانجیان هەیە، لەسەرەتاوە یەک هەل و دەرفەتی بەدەستهێنانی بابەتیان هەیە، واتە لە هەلی بەدەستهێنانی سەوسەن یەکسانن. بۆ گەیشتن بە بابەت بەپێی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، هەریەک لە وەرگرەکان کۆمەڵێک هاوکار و بەربەستی جۆراوجۆریان هەیە. هاوکاری مەنسور ئەسرین (ساقی مەحمود)ە، هاوکاری کامەرانی سەلما (مەنگوڕی بابەگەورە)یە، هاوکاری خالد ئاموون (فەوزی بەگ)ە. بۆ هەریەکێک لە وەرگرەکان، بەربەستەکانیان یان ڕێگرییەکان جۆراوجۆرن، هەندێک لەو بەربەستانە بۆ هەموو وەرگرەکان گشتین وەک مەرجی سەوسەن بۆ گەشتکردنی داخوازیکاران بۆ دەرەوەی وڵات و مەرجی هێنانی سەد باڵندە، لە لایەکی دیکەش لەپاڵ مەرجەکانی سەوسەن، هەر وەرگرەکان بۆ دەستهێنانی بابەت، لەبەرامبەر ئەوەی تردا دەبنە بەربەست، بەڵام بەپێی چوونە پێشی ڕووداوەکان کامەرانی سەلما دەبێتە خوود، چونکە جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەوسەن و دەرفەتی گەیشتن بە سەوسەن لای کامەرانی سەلما گونجاوە و لە کۆتاییدا بە بابەت دەگات.




لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی بەختیار عەلیدا جۆرێک لە ئاڵۆزیی کردەی گێڕانەوە بەدی دەکرێت، بە جۆرێک پەیوەندی هۆکاری خود کە کامەرانی سەلما نوێنەرایەتی دەکات، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی بارەکانی ناو پرۆگرامی گێڕانەوەکە دەکرێت پەیوەندییەکانی هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە دوو لاوە ببینرێت، جارێک خود وەک کامەرانی سەلما، جارێکی تر خود سێ داواکارەکەیە، بەڵام ئێمە لەنەخشەکەدا (نموونەی هەرکاری) تەنها وەک خود کامەرانی سەلمامان ناساندووە، چونکە پەیوەندی لەگەڵ بابەت لە نموونەی هۆکاری واتە زنجیرەی ڕێڕەوی هێڵکاریی گێڕانەوەیدا لە خاڵی دەستپێکەوە تا کۆتایی و بەدەستهێنانی بابەت و

تەواوکردنی نموونەی هەرکاری بەردەوام بووە، بەڵام لەگەڵ دوو داخوازیکارەکەی تر هاوئاستە تەنها لە کۆتایی بەدەستهێنانی بابەتدا، کامەرانی سەلما بە بابەت واتە سەوسەن دەگات.

## بار و بارگۆڕان

لەبارەی چەشنەکانی هۆکاری خود و بابەت یان پەیوەندییەکانی خود و بابەت، گریماس دوو باردەربڕاو (ملفوظ حالة)ی ناساندوون، وەک باردەربڕاوی پێکەوەبوون (ملفوظ حالة اتصال) و بار دەربڕاوی دابڕان یان پچڕان (ملفوظ حالة انفصال)، ئەمەش لەسەر بنەمای دابڕان و پەیوەستبوون خراونەتەڕوو کە لە گێڕانەوەدا وەک سەرچاوەی کارەکانی دەستپێک و کۆتایین، بەجۆرێک لە باری پێکەوەبوون (conjunction) هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە پەیوەندی دایە، و لە باری جیابوونەوە (disconjonction) هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە باری دابڕان دایە (شقروس، ٢٠٠٥: ١٢٨). هەروەها دەربڕاوی بارگۆڕان (ملفوظ التحول) یان دەربڕاوی کار و جێبجێکردن، پەیوەستە بە گۆڕانی بارێک بۆ بارێکی دیکە، کە لە دوو شێوە خۆی دەنوێنێت، یەکەمیان بارگۆڕانی دابڕان (التحول الانفصالي) گواستنەوە لە باری پێکەوەبوونە بۆ باری دابڕان، دووەمیان بارگۆڕانی پەیوەستییە (التحول الاتصالي)، کە گواستنەوە لە باری دابڕان بۆ باری پێکەوەبوونە (شقروس، ٢٠٠٥: ١٢١ و بوضیاف،٢٠١٧: ٤٥)، هەریەک لەو دوانەیە هەبووونی بوونێکی سیمیۆلۆژییە، لەهەمانکاتدا نەبوونی هەر یەکێکیان، نەبوونی بوونی سیمۆلۆژییە (بوضیاف،٢٠١٧: ٤٢-٤٣). کەواتە خود لەگەڵ بابەتدا لە باری پەیوەندی و پچڕانی پەیوەندیدا دەبێت.

به شێوەیەکی گشتی لە کردەی گێڕانەوەدا، خوود لەگەڵ بابەتدا لە پەیوەندی و دابڕاندایە، بەمەش کۆمەڵێک بار و بارگۆڕان هەن، لەگەڵ هەر بارگۆڕانێکدا پرۆگرامی گێڕانەوە لەدایک دەبێت. لە نموونەی پێش داخوازیکردندا بۆ گەیشتن بە بابەت: کامەرانی سەلما سەوسەن فیکرەت گوڵدانچی خۆشویستووە و بەلای خۆیەوە تەنها خۆی دەرفەتی داواکردنی سەوسەنی هەیە، مەنسور ئەسرین کچەکەی لە زانکۆ بینوە و وایزانیوە ئیتر ئەمە دڵدارەکەیەتی، خالید ئامون دڵی هیچ کچێکی نەگرتووە، پێی وابووە وەک کچە دۆستەکانی تری، دەتوانێ لە هەر کاتێک بیەوێت سەوسەن بەدەست دەهێنێت، چونکە ژنان و کچان ئارەزووی دەکەن، بۆیە هەموو وەرگرەکان لەباری پەیوەندیدان.

لە درێژەی ڕووداوەکانی دیکەی گێڕانەوەدا خود (کامەرانی سەلما) لەگەڵ بابەتدا لە پەیوەندی و دابڕاندایە:

لە داخوازیکردنەکەدا: هۆکاری خود ∩ هۆکاری بابەت.

گەڕان بەدوای جێبەجێکردنی داواکاریی سەوسەن: هۆکاری خود ∪ هۆکاری بابەت.

جێبەجێکردنی خواستنی سەوسەن: هۆکاری خود ∩ هۆکاری بابەت.

دواتریش کوژرانی کامەران: هۆکاری خود ∪ هۆکاری بابەت.

بە گشتی لەباری پەیوەستبوون و دابڕاندا بۆ بەدەستهێنانی بابەت واتە بۆ گەیشتن بە سەوسەن: هۆکاری خود (کامەرانی

سەلما) ∩ هۆکاری بابەت، (مەنسور ئەسرین و خالد ئاموون) ∪ هۆکاری بابەت.

- لە باری یەکەمدا هەر سێ داخوازیکارەکە (کامەرانی سەلما، مەنسور ئەسرین، خالد ئاموون) سەوسەن فیکرەت وەک ئامانج و هاوسەری داهاتوویان دەزانن.

- لە باری دووەمدا هەر سێ داواکارەکە دەردەکەون و ململانێی دەکەن.

- لە باری سێیەمدا سەوسەن فیکرەت لە لایەن هەر سێ داواکارەکانەوە، داوا دەکرێت.

- لە باری چوارەمدا مەرجی شوکردنی سەوسەن فیکرەت، ئاڕاستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

- لە باری پێنجەمەدا داواکارەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی مەرجەکەی سەوسەن فیکرەت، بۆ دەرەوەی وڵات گەشت دەکەن.

- لە باری شەشەمدا سێ داخوازیکارەکە دەگەڕێنەوە وڵات و هەریەک سەد باڵندەی لە سەد شوێن و وڵاتی جیاوازەوە وەک مەرجی گەیشتن بە بابەتەوە هێناویانە.

- لە باری حەفتەمدا شوکردن بە کامەرانی سەلمایە.

- لەباری هەشتەمدا سەفەرکردنی مەنسور ئەسرین بۆ دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی گەشتەکە و کوشتنی کامەرانی سەلما لە لایەن خالید ئاموونەوە، بەردەوامی خالید ئاموون لەسەر هەمان نەریت و بیرکرنەوەی پێش گەشتکردنەکەی و کۆتاییەکەش مردنی سەوسەنە.

بەپێی ئەو بار و بارگۆڕانەی کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، وەک پرۆگرامی گێڕانەوە، کە گریماس بە بەدواداهاتنی بار و بارگۆڕانی

پرۆگرامی گێڕانەوە ناوی بردووەوە، لەم بارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە پەیوەندی دایە | باری یەکەم |
| هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە پچڕاندایە | بارگۆڕان |
| هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە پەیوەندیدا | باری دووەم |
| هۆکاری خود لەگەڵ بابەت لە پچڕان دایە | بارگۆڕانی دووەم |

لە تەوەرەی پەیوەندی یان گەیاندندا کە چەشنی نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە، نێرەر (المرسل) دەبێتە سادەیی و جوانی سەوسەن، وەرگرەکانیش هەرسێ داواکارەکەن، کەواتە پاڵنەری بابەتەکە کە سەوسەن فیکرەتە، بۆ خوود دەبێتە ئامانج و لە بەرامبەر ئەمەشدا چەشنەکانی تری هەرکاری گێڕانەوە وەک هاوکار و بەربەست دەردەکەون.

لە تەوەرەی پەیوەندیدا نێرەر وەک سوودمەند لە بابەت دەردەکەوێت، بۆیە بەپێی ئەم تەوەرەیە لە چەشنەکانی نێرەر و وەرگردا، جۆری پەیوەندییەکان بەشێوەیەک دەبن، کە نێرەر دەبیتە بابەت و وەرگریش دەبێتە خود، واتە جوانی و سادەیی سەوسەن بابەتە و خودیش کامەرانی سەلمایە، کە یەکێکە لە وەرگرەکان (سێ داخوازیکارەکە)، واتە کامەرانی سەلما خودە و لەگەڵ کێبڕکێیەکانیشدا دەبێتە وەرگر:




لە تەوەرەی ململانێدا چەشنی هاوکار و بەربەست لەبەردەم خود بۆ گەیشتن بە بابەت هەمیشە ئامادەییان هەیە، یان بە واتایەکی دیکە هەر یەکێک لە هۆکاری خود یان وەرگرەکان لە ڕێی تەوەرەی هاوکار و بەربەستدا بۆ گەیشتن بە بابەت لە پەیوەندی دان، واتە تەوەرەی هاوکار و بەربەست لە ڕێڕەوی پڕۆگرامی گێڕانەوەدا وەک پاڵپشت و لەمپەر لەبەردەم گەیشتنی بە بابەت دەردەکەون، لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا، کامەرانی سەلما وەک خود بۆ گەیشتن بە بابەت کۆمەڵێک بەربەست و هاوکاری هەیە:

**نموونەی بەربەست**

بەربەستی سیانەیی سێ داخوازیکارەکەیە لەبەرامبەر یەکتردا. لەسەرەتای گێڕانەوەکەدا هەر سێ داواکارەکە وەک خودی سیانەیی بۆ بابەت دەردەکەون، سەرەتا لەگەڵ بابەت لە پەیوەندی دان، بۆ داواکردنی سەوسەن ئامادەن، بەڵام دواتر وەرگرەکان بەهۆی چەند خەسڵەتێکەوە لە پەیوەندی دادەبڕێن (خود ∪ هۆکاری بابەت). بۆ نموونە پێش داواکردنەکەی سەوسەن، هەر یەکە لە وەرگر و هۆکاری خوودەکە کۆمەڵێک بەربەستیان هەیە:

**مەنسور ئەسرین**

- هەستکردن بەکزی و لاوازی
- بەرچاونەبوون و نەبوونی جوانی ڕووخسار

**کامەرانی سەلما**

- خەسڵەتی چەقۆکێشی و کوڕی شەقامەکان
- جگە لە هاوکاری مەنگوڕی بابەگەورە، لە هەموو شتێکدا تەنهایە

**خالید ئاموون**

- خەسڵەتی ناشیرینی و گرژی و مۆنی
- هەستکردن بە لاوازی
- نا ڕۆمانسی بەهۆی خەوتن لەگەڵ ژناندا

بۆ نموونە خالید ئاموون و مەنسور ئەسرین بەر لەداخوازیکردنی سەوسەن لە بەرامبەر کامەرانی سەلمادا هەست بە لاوازیی دەکەن، کەچی کامەرانی سەلما خۆی کۆمەڵێک خەسڵەتی وەک بەربەستی هەیە: ((خالید ئاموون لە نیهانی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە بۆ ئەم لە عاشق ناچێت، ئاخۆ عاشقان لەبنەڕەتدا ڕووخسارێکی جیاوازتریان هەیە؟ بۆ ئەم لە عاشق ناچێت)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٣٠)، لە باسی مەنسور ئەسرین کە بەهۆی سەوسەنەوە لە لایەن کامەرانی سەلماوە بریندار کراوە دەڵێ: ((پاش کەمێک دوو دڵی گوتی "هیچ کەسێکم نەدیوە ئەوها لە عاشق بچێت، خوای گەورە من بۆ وانیم" لەبەر دەرگای خستەخانەکەدا جارێکی تر هەستیکردەوە کە لەرزێکی کوشندەی لێدێت)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٣٠)، مەنسور ئەسرینیش بەهۆی عاشقبوونی کامەرانی سەلما و برینداربوونی خۆیەوە دەڵێ: (("ئەو عاشقێکی لە من گەورەترە...من هیچ نیم لەبەردەم ئەودا، ئەو هەزارجار لە من باشترە" دڵنیابوو گەر سەوسەن بە چیرۆکەکە بزانێت لە بری ئەوەی بە زەیی پێدابێتەوە، پێکەنینی پێدێت)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥٣).

بەربەستی خوودەکە کە کامەرانی سەلمایە، خەسڵەتی خراپی کەسایەتی داواکارەکەیە، وەکوو خەسڵەتی چەقوکێش و کوڕی سەر شەقامەکان ((کامەرانی سەلما لەوانە نەبوو زۆر لە پۆلیس سڵبکاتەوە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٤٩) ((ئەم شێتیەی تۆ هەموو شتێکی تێدایە، باوەڕناکەم کچێکی ناسکی وەک ئەو کیژەی گوڵدانچی هەروا ئاسان بێتە ژێرباری ئەوەی شوو بە یەکێک بکات کە وەک تۆ بە چەقۆوە دەچێتە خوازبێنی)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٣٨) ((کوڕەکەی سەلما گەرچی گەنجێکی جوان و بەسەر و سیمابوو، بەڵام ناوبانگی بەشێوەی خراپ ڕۆیشتبوو)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٨).

بەرهەڵستەکان وردە وردە لەگەڵ ڕێڕەوی گێڕانەوەکەدا دەگۆڕێن، ئەویش هاتنەپێشی بەربەرستی مەرجی شوکردنە لەلایەن سەوسەن گوڵدانچییەوە، بەڵام بۆ هەر سێ داخوازیکارەکە، یەک دەرفەتی هاوبەشیان دەبێت: ((یەکەم شت ئەوەیە دەبێت لەم وڵاتە دوور بکەونەوە...ئەوەی ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن مەرجی منە...بڕۆن و بەسەر زەویدا بگەڕێن. کچانی تر وەک مارەیی داوای زێڕ و مرواری و ئەڵماس دەکەن، من داوای سەد باڵندەتان لێدەکەم...سەد باڵندەی ناوازە کە لە شوێنی جیاواز جیاوازی زەویدا دەژین...هەریەکەتان سەد باڵندە، لەمڕۆوە تا هەشت ساڵ کاتتان هەیە بە دونیادا بگەڕێن، من دوای ئەوە دەتانبینمەوە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ١٠١).

دەرفەتی هەموو داواکارەکان وەک یەکە و هەر یەکەو بەربەستە بۆ ئەویتریان. سەوسەن بۆ داخوازیکارەکان وەرگر و خوودەکە وەک بابەتە، کە دەڵێ: ((ئێستا ناتوانم یەکتان هەڵبژێرم، چونکە ئێستا هەرسێکتان وەک یەک وان...هەر سێکتان لەیەک

دەچن)) (عەلی، ٢٠٠٩: ١٠١) ((هەرسێکیان شایستەی ئەوەن یارمەتیان بدەم، منیان بەجۆرێکی شێتانە خۆشدەوێت سێ گەنجن و سێ دڵی گەرمیان هەیە...شوبکەم بە هەر یەکێکیان دڵی ئەوانی تر دەشکێت. بەڵام ئەوان منیان بۆیە خۆشدەوێت، چونکە هیچ شتێک دەربارەی دونیا نازانن)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٩٠) ((ئاخ مریەم...لێگەڕێ...من شوو بە هیچ یەکێک لەو دوو پیاوانە ناکەم کە لەسەر خۆشەویستی شەڕبکەن)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥٨).

نەبوونی پارە بۆ چوونە دەرەوەی وڵات، تا مەرجەکەی سەوسەن جێبەجێ بکرێت، ئەویش پەیداکردنی سەد باڵندەیە لە شوێنی جیاوازی دەرەوەی وڵات ((کێشەی گەورەی کامەرانی سەلما چۆنیەتی پارە پەیداکردن بوو بۆ گەشتە درێژەکەی)) (عەلی، ٢٠٠٩: ١١٣).

بەربەستێکی دیکە باوکی سەوسەنە، ڕەتی کەسانی ساختە و نا ڕۆشنبیر دەکاتەوە ((فیکرەت گوڵدانچی بە درێژایی ژیانی گاڵتەی بەوانە هاتووە، کە زۆر هەوڵدەدەن خوێندەوار دەربکەون)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٣٨).

**نموونەی هاوکار**

بەشێوەیەکی گشتی وەرگرەکان و کامەرانی سەلما لە ئاستی هۆکاری خودی، لە باری جیاواز دان. هەر یەکەی کۆمەڵێک خەسڵەتی خۆیان هەیە، کە وەک هاوکار دەردەکەون، بەمەش بارەکەیان لەباری بارگۆڕاندا دەبێت:

**کامەرانی سەلما**
- ویست و ئیرادەی بەهێز
- پشتگیری (مەنگڕی بابە گەورە)

**مەنسور ئەسرین**
- ڕوخسارێکی عاشقانە و بێدەردەسەری
- پێشینەیەك لە ناسینی سەوسەن فیکرەت و خوێندکاری زانکۆ

**خالید ئاموون**
- پشتگیری لە لایەن خێڵەکەی
- دەوڵەمەندی و دەسەڵات

ساقی مەحموود وەک گۆرانی بێژێک پشتگیری مەنسوڕ ئەسرین دەکات، وەک دەڵێ: ((کارێک دەکەم خەڵک ئاسان حیکایەتەکەی تۆ لەبیرخۆیان نەبەنەوە...بوەستە دەبێت وەک عاشقێکی ڕاستەقینە بچییە مێژووی شارەوە، ساقی مەحموود نیم ئەگەر شتێکی گەورەم بۆ نەکردی)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥٣)، هەروەها سێ ناوداری خێڵی ئاموونییەکان، پشتگیریی لە خالید ئاموون دەکەن لەوانە: سەلامی ئاسنگەر، کە گەورەترین چەکفرۆشی شارە، قەلەندەر ئامون بەرپرسی کۆنی تۆپخانەی شۆڕش، لەتیف ئاموون وەک مامۆستایەکی سەرەتایی ((هەرسێکیان سێ گرنگترین عەقڵی عەشیرەتی ئاموون بوون، هەر یەکەیان کۆمەڵێک مەدالیای نەبینراویان بەسنگەوەیە، وەک ڕەمزی ئیشکردنی بێوچان و دوورودرێژ بۆ ئاموونییەکان)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥٤)، ((سەرعەشیرەتی ئاموونییەکان بڕیاریدا نوێنەرێکی تایبەتی خۆی بخاتە ڕیزی خوازبێنیکەرانەوە و لە پاڵ ئەواندا فەوزی بەگیشی دانا، تا وەک قسەزانترین کەسی خێڵەکە قورسایی خۆی بخاتە ئیشەوە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥٥).

مەنگوڕی بابە گەورە دەبێتە هاوکار بۆ کامەرانی سەلما ((سەرەتا وەک قومارچییێکی زیرەک کە جوتێک چاوی هۆشیاری هەیە، خۆشی ویست، بەڵام دواتر وەک جۆرە سۆزێکی برایانەی بەرامبەری هەبوو)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٧).

متمانە بەخۆبوونی کامەرانی سەلما ((کامۆی سەلما ئەگەرچی ئەزموونێکی لەگەڵ ئەڤین و خۆشەویستیدا نەبوو، بەڵام زۆر لە گەنجە بۆشناخەکانی هاوتەمەنی لەو باوەڕەدا بوون هەر کاتێک و هەر خانمێکی بوێت دەتوانێت بیکات بە ئەڤینی خۆی)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٨).

گۆڕانی کەسایەتی لە خراپەوە بۆ باش، کامەرانی سەلما بەهۆی خەسڵەتی شەڕەنگێزییەکەیەوە، خراپترین دەرفەتی کێبڕکێکارانی هەبوو، خەسڵەتەکەی ببووە هۆکاری بەربەست، ئەو تایبەتمەندییە کەسایەتییە لە پێش گەشتکردنیدا هەیبووە، بەڵام بەهۆی کێبڕکێی داواکردنی سەوسەن و گەشتکردنەکەی بە دونیادا، کەسایەتی دەگۆڕێت بۆ کەسایەتی دیکەی ئەرێنی. خواستی سەوسەن وەک مەرج بۆ پەیداکردنی باڵندە و گەڕانی دنیا، وەک خاڵێکی گرنگی هاوکارە کە لەپێناو گەیشتن بە بابەت دەردەکەوێت: ((لە منی پرسی تۆ دەتوانی وەک کامەرانی سەلما لەپێناو خۆشەویستی مندا خەڵک بکوژی؟ من گوتم: خۆشەویستی تۆ ڕێگای ئەوەم لێدەگرێت ئازاری مرۆڤەکانی تر بدەم)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٨٤) ((خۆشەویستی تۆم لە خۆم و دونیا لا گرنگترە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٨٤)، لەبەرامبەر ئەمەش سەوسەن، لە خالید ئاموونیش دەپرسێت لەپێناو من ئامادەی چەقوو لە کەسێکی تر بدەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێ: ((ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە من دەتوانم لەپێناوی تۆ بێڕەحم بم))

(عەلی، ٢٠٠٩: ٣٨)، کشانەوەی مەنسورِ ئەسرین لە داخوازیکردنەکە و مانەوەی خالید ئاموون لەسەر هەمان بیربۆچوونی خێڵەکییەکەی بە ناڕاستەوحۆ دەبنە خاڵی هاوکار بۆ کامەرانی سەلما.

ئەوەی بە لای سەوسەن گوڵدانچییەوە گرنگ بوو، گۆڕانی خەسڵەتی داخوازیکەران بوو، بۆیە کامەرانی سەلما ئەو دەرفەتەی وەک هۆکار بۆ دەرەخسێت: ((کامەرانی سەلما گوتی "نا خانم مرۆڤ کە بەجهان گەڕا، کە بەڕاستی بەجهان گەڕا، مەبەستم ئەوەیە کە لە ڕووح لەبەرەکانی تر نزیک بووەوە ناتوانێت کەس بکوژێت")) (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٠٠) ((ئەوە لای من لە هەر شتێک گرنگتر بوو، بەسەر زەویدا دەڕۆیشتم و تۆم لەگەڵ بوویت، شەو ڕۆژ تۆم لەگەڵ بوویت)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٠٠)، سەوسەن لە خالید ئاموون دەپرسێت جیهانت چۆن بینی؟ لەبەرامبەر ئەوەشدا خالید ئاموون دەڵێ: ((وەک جەهەنەم، جیهان جەهەنەمە، سەوسەن خان، سەفەرەکەی من سەفەرێکی دوور و درێژبوو بە جەهەنەمدا)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٢٦)، مەنسور ئەسرینیش دەڵێ: ((من زۆر سەرمەستبووم بە زەوی، زۆر. مرۆڤ کە زەوی دەگەڕێت ئیتر شتەکان بە چاوێکی تر دەبینێت، کە دونیا دەبینێت ئەوسا تێدەگات کۆترێک کە بەسەربانی ماڵەکەی ئەودا دەفڕێت، لە ڕیزی باڵندەکانی دونیادا چ شوێنێکی هەیە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٢٢٣)، بۆیە ئەو درێژە بەگەشتەکەی دەدات و لەکێبڕکێیەکە دەکشێتەوە و خالید ئامونیش لە کۆتاییدا خۆشەویستییەکەی بە ڕق دەگۆڕێت.

## پرۆگرامی گێڕانەوە Programme Narrative

خود وەک بکەری سەرەکی و گەڕان بەدوای بابەتدا هەندێک جار لە باری پەیوەندی و هەندێ جار لەباری پچڕانی پەیوەندیدا دەبێت، ئەمەش بە پرۆگرامی گێڕانەوە ناو دەبرێت، و لە هەردوو باری ئاسایی و ئاوێتەدا دەردەکەوێت (بوضیاف،٢٠١٧: ٤٨)، ئەم جۆرە بەرنامەیە لە دەقێکی ئەدەبی بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت، لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان گێڕانەوەیەکی ئاوێتەییە.

### - پەیڕەوی گێڕانەوەی ئاسایی

لە بەرنامەی ئەو گێڕانەوەیەدا کە لە کۆمەڵێک بارگۆڕان و ئەرکی گێڕانەوەیی پێکدێت، لە  بکەری سەرەکی لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەچێت، واتە ئەو بەرنامەیەی کە ئامانجی کارەکتەرەکەیە، جێبەجێ دەبێت بەپێی ئەوەی هەوڵی بۆ دەدات، بەبێ ئەوەی لەو پەیوەندییە وەک ئامانج داببڕێت، ئەمە پەیڕەوێکی گێڕانەوەیی ئاساییە. ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان لە پەیڕەوی گێڕانەوەیی ئاسایی دەرچووە، بەهۆی ئەو بەربەست و پێشهات و مەرجانەی لە بابەتەوە بۆ خود هەن، هەروەها خودیش دەبێتە بەشێک لە وەرگرەکان، هەروەها هەریەکێک لەو وەرگرانە کە دەیانەوێ وەک خود دەربکەون، دواجار دەبنە بەربەست بۆ یەکتر، کە هەمان ئامانجی بابەتیان هەیە، گێڕانەوەیەکی نا ئاسایی پێکدێنن.

### - پەیڕەوی گێڕانەی ئاوێتە

لەو بەرنامەیەدا کەسی دووەم وەک بکەری دووەم دێتە ناو بابەتەکەوە، ئەو بابەتانەی کە ئامانجی بکەری یەکەمە و لەگەڵی دەکەوێتە ململانێ (لخضر، ٢٠٠٥: ب.ص)، بەمەش دەبێتە بەربەست

و لەمپەر، کە یەکێیان سەرکەوتوو و ئەوەی تریان ناسەرکەتوو دەبێت. لەگەڵ دەستپێکی ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا کامەرانی سەلما بۆ گەیشتن بە سەوسەن فیکرەت وەک هۆکارێکی خودی دەردەکەوێت، کە عاشقی بووە، دواتر دوو ڕکابەری تر وەک داوکاری سەوسەن پەیدا دەبن: ((کامەرانی سەلما سوێندی خواردبوو ئەگەر قسەکانی لەگەڵ ئەسریندا نەگاتە ئەنجام، بیکوژێت. سوک و سادە بیکوژێت، "وەک سەگ خەڵتانی خوێنی بکات" چونکە جگە لەوە چارەیەکی تری نییە. هەموو دەیناسن چ کوڕێکی توڕە و خۆنەگر و دڵگەرمە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥)، مەنسور ئەسرین وەک داواکاری دووەمی سەوسەن فیکرت کە وەک بەربەست و لەمپەرێک بەرامبەر کامەرانی سەلما دەردەکەوێت ((مەنسور ئەسرین بێ ئەوەی گوێبداتە قسەکانی گوتی "داواتان لێدەکەم واز لە سەوسەن بهێنن" چونکە من دڵنیاتان دەکەم کە ناتوانم وازیی لێبهێنم")) (عەلی، ٢٠٠٩:١٣)، خالید ئامونیش هاوکاتی داواکارییەکانی دیکەی سەوسەن خۆی بە پێشەنگەکانی ئەو داوایە دەزانێت ((لە ماشێنەکەدا بەرلەوەی بەرەوماڵەوە لێخوڕێت، بەدەنگی بەرز گوتی "بەر لە شەوی شەممە دەبێت بچمە پێشێ. هەر کەسێک زووتر لەوانی تر قاچ دانێت شانسی زۆرتری هەیە)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٣٠).

بەشێوەیەکی گشتی نموونەی هۆکاری/پڕۆگرامی گێڕانەوە بە چوار قۆناغ تێدەپەڕێت (شقروس، ٢٠١٥: ٥٣-٥٤ و بوعيظة، ٢٠١٣: ١٢٢-١٣٥) لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا، بەسەر ئەو بنیادە گێڕانەوەییە دابەش دەبێت:

## 1- پاڵنەر/ هاندەر

چەقی دەستپێکی گێڕانەوە، پاڵنەر و جوڵانێکە، کە خود بەرەو بابەت دەبات، بەجۆرێک بۆ گەیشتن بە بابەت، دەبێت ئاماژەیەک وەک پاڵنەر بۆ دەستەمۆکردن و وەدەستهێنانی ئامانج هەبێت. ئەمە دەستپێکی سەرەتای گێڕانەوەکەیە.

بۆ کامەرانی سەلما و بۆ هەردوو ڕکابەرەکانی تر هەستی عاشقبوون، بە جوانی سەلما پاڵنەرە و سەرەتای ڕووداوەکانە، وەک گێڕەرەوە لەبارەی کامەرانی سەلما دەڵێ: ((کوڕەکە بە چەشنێک عاشق بوو مرۆڤ لێی دەترسا...ئەوەی بە هەموو کەسێک گوتبوو)) (عەلی، ٢٠٠٩: ٥) هەروەها هەمان شت وەک پاڵنەر بۆ خالید ئاموون ((پێشتر کچێکی وەها سادەی نەبینیبوو. مرۆڤ لەگەڵ خانمی وەهادا نازانێت ئاخۆ بەجوانیەکەی سەرسام بێت یان بە سادەییەکەی)) (عەلی، ٢٠٠٩: ١٥-١٦).

## 2-توانست

بۆ جێبجێکردنی ئارەزوو ئەرکی ڕازیکردن بەس نییە، کە تەنها نێرەر ئاڕاستەی دەکات، بەڵکو پێویستی جێبەجێکردنەکە لە ویستی کارەکە و توانینی کارەکەشدایە، هەوەها لە بوونی کارەکە و زانیاریی کارەکەش دایە. (بوعیظة، ٢٠١٣: ٥٣). تاقیکردنەوەی توانستی، واتە بەدەستهێنانی توانای ڕاپەڕاندن و بە دەستهێنانی ئامانجەکانی خودە، بە دەربڕینی ئەو ڕستانەی وەک خۆ ئامادەکردنێک، ئەو توانستەی بەدەستهێناوە. لەپێناو بەدەستهێنانی گوڵەکان بۆ شازادەخاتوون، ئەو سوارچاکە دەیەوێت بۆ گەشتەکەی بچێت، تێکڕای ئەو توانستانەی وەک هێز و توانا و زانست و

زانیاریی بەدەست دەهێنێت (بوضیاف، ٢٠١٧: ٥٢). توانست لای هەرکاری خود (کامەرانی سەلما) وەک خەرجی گەشتەکە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی داخوازیکارانی دیکەیە.

### 3-بەجێهێنان

ئەو جۆرە قۆناغێکی بارگۆڕانە بۆ بارێکی دیاریکراو (بوعیظة، ٢٠١٣: ٥٣) لە نێوان کۆمەڵێک کاردا کە پاڵەوانەکە پێی هەڵدەستێت و دەچێتە ناو جێبەجێکردنی پەیڕەوکردنی سەرەکی. ئەو کێبڕکێیەی (کامەرانی سەلما) لەگەڵ داخوازیکارانی تردا ئەنجامی دا پەیداکردنی سەد باڵندە وەک مەرجی چوونەپێشە بۆ بەدەستهێنانی بابەتەکە.

### 4-گەیشتن بە مەرامی کۆتایی

سەرکەوتنی یەکێکیان لە پەیڕەوی گێڕانەوەیی، فەشەلهێنانی ئەویتریانە. باری خاوەنداریەتی دەگۆڕێت. بەهۆی گۆڕانکاریی لە ژیانی کامەرانی سەلما لە کەسایەتییەکی چەقووکێشەوە بۆ کەسایەتییەکی عاشق، کە دەست لەهەموو کارێکی خراپ هەڵدەگرێت. لەڕێی گەڕان بە دونیا و هەڵنانی مەتەڵەکەی سەوسەن کە بابەتەکەیە، دواجار داخوازیکارانی تر کە دەیانەوێت وەک خود دەربکەون، بەپێی قۆناغەکانی پێشتری پرۆگرامی گێڕانەوە پاشەکشە دەکەن و خودەکەش لە قۆناغی کۆتاییدا، بە مەرامی کۆتایی دەگات.

### پچڕان و گواستنەوەی پرۆگرامی گێڕانەوەکە بۆ یەکێک لە هۆکارەکان

وەک لە بابەتەکانی پێشتریش باسکرا، بۆ یەک بابەت سێ بکەر (فاعل) هەن، لەسەر بابەت و مەرجی گەیشتن بە بابەت کێبڕکێ

دەکەن، ئەم کێبڕکێیە بێگومان گەیشتنی یەک بکەرە واتە لەو سیانەی دەیانەوێت وەک خود دەربکەون، هەریەکەیان دەرفەتی گەیشتن بە بابەتی هەیە، کە بەپێی پێکهاتەی ڕۆمانەکە سێ کارەکتەرن، دەبێت یەکێک لە دوو بکەرەکان بۆ بکەرێک، بابەتەکە بەجێبهێڵن، ئەمەش بۆ تەواوکردنی پڕۆگرامی گێڕانەوەکەیە، کە لە سەرەتا، تا کۆتایی کردەکە، دەبێت بەردەوامی هەبێت، بۆیە بەپێی پڕۆگرامی گێڕانەوەکە لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا هەر یەکێک لە مەنسور ئەسرین و و خالید ئاموون دەستبەرداری بابەت دەبن، مەنسور ئەسرین، کە بەهۆی نێرەر و بابەتەوە، دوای گەشتکردن، گۆڕان لە کەسایەتی ڕوودەدات و واز لە عەشق و کێبڕکێی سەوسەن دەهێنێت، درێژە بە گەشتەکەی دەدەت و جارێکی دیکە دەچێتە دەرەوەی وڵات. هەرچی خالید ئاموونە دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات وەک دوو ڕکابەرەکەی ئەویش سەد باڵندەی خۆی دەهێنێت و بەڵام بەهۆی ڕوونەدانی گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیدا بەهۆی دونیا بینی خۆیەوە، کە شەڕەنگێزییە، سەوسەن شووی پێنەکرد و شووی بەکامەرانی سەلما کرد.

کامەرانی سەلما سەرەتا لە باری دابڕاندابووە، تەنها عاشقێکی ڕووکەشە و بێ بینینی دونیا، دەیوست بە کەسێک بگات، کە تاکلایەنە خۆشی دەویست، بەڵام دواتر لە بار گۆڕاندا، بەهۆی بابەتەوە و بەهۆی پاڵنەری عەشق و مەرجی بابەت و دنیابنینەوە گۆڕانکاریی بەسەر ژیانیدادێت، لە کۆتایدا لە چەقوکێشییەوە گۆڕا بۆ کەسێکی پاک و ژیاندۆست و دوور لە ئاژاوە.

## تەوەرەی دووەم: پێکهاتەی گوتاریی/ وێنەیی (المكون الخطابي)

ڕۆڵی بکەر لە بنەمای هۆکاریدا ڕۆڵێکی گێڕانەوە و پێکهاتەیی گشتییە، واتە لەناو پرۆگرامی گێڕانەوەدا بە ڕۆڵێک یان چەند ڕۆڵی هۆکاری هەڵدەستێت. لەهەمان کاتدا چەمکی بکەرەکە بە کۆمەڵێک لە ڕۆڵی تیماتیکی (نسق)ی هەڵدەستێت، کە پەیوەستە بە ڕێڕەوێکی وێنەیی، یان کۆمەڵە ڕێڕەوێکی وێنەیی. ڕۆڵی بکەر لە گێڕانەوەی گوتارییدا پەیوەستە بە دەستە و زنجیرەیی خێزان و زنجیرەیی کۆمەڵایەتی زنجیرەیی ئاینی و سیاسی و ئابووری ڕۆڵی بوارەکانی دەروونی و هۆشەکی...وەک کێڵگەیەکی واتایی دەردەکەون، بۆ نموونە چەمکی ڕۆڵی تیماتیکی وەک ڕۆڵی پیشەی (دکتۆر، جوتیار، ئاسنگر....)ە (حمداوی، ١٩٩٧: ٩٣-٩٤).

### - ڕۆڵی هۆکاریی و ڕۆڵی تیماتیکی

ڕۆڵی هۆکاریی لە ئاستی گێڕانەوەیی و پێکهاتەی دەقدایە لە بنیادی ڕوکەشی دەق لە پرۆگرامی گێڕانەوەیی دایە، هەرچی ڕۆڵی تیماتیکییە وەک نیشانە و مەبەست لە بنیادی ڕووکەشیی لە ئاستی گوتاردایە، وەک بنیادی گوتار و ڕێڕەویی وێنەیی و ڕۆڵی فەرهەنگییەتی (الأدوار المعجمية)ە، کە خۆی لە بابەتە دەلالییەکان دەبینێتەوە. جوزیف کورتیس پێی وایە ڕەهەندی وێنەیی بۆ هەستەوەرەکان دەگەڕێتەوە، هەموو ئەو شتانەی لە ڕێی هەستەوەرەکانەوە هەستیان پێدەکرێت و شیاوی تێڕوانینن لە جیهانی دەرەکیدا. ڕۆڵی تیماتیکی وەسفکردنێکی بوونی ڕووتە، بەو سیفەتەی ناوەرۆک و واتایە، پەیوەندی لە نێوان خۆی و جیهانی دەرەوەدا نییە (حمداوی، ١٩٩٧: ٩٥)، کەواتە دۆزینەوەی ڕۆڵی

وێنەیی بۆ بکەر لە ڕێی ئەو وێنانەوەیە، کە دواتر لە چوارچێوەی کێڵگە واتاییەکان و کێڵگە فەرەنگییەکاندا ئەو ڕێڕەوە وێنەییە دەناسرێن و دەستنشان دەکرێن. ڕۆڵی تیماتیکی ڕۆڵێکی گشتییە، ڕستەیەک هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی دیاریکراوە، لە میانەی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی وێنەیی، لە ڕێڕەوی وێنەییدا، وێنەیەکی خوازەیی و مەبەستدارمان دەست دەکەوێت، بە ڕۆڵی تیماتیکی دەناسرێت.


بۆ نمونە: پێکهاتەی گوتاریی لە ئاستی بنیادی ڕووکەشی گێڕانەوەدا

| نوێنەر | هۆکار | ڕۆڵی تیماتیکی | وێنە |
|---|---|---|---|
| کامەرانی سەلما | بکەری خود | خراپ | بریندارکردنی مەنسور ئەسرین، پەیوەندی لەگەڵ چەقوکێشەکان، سەرگەرمی و سەرەڕۆیی |
| | | باش | مانەوەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی، سڕینەوەی ڕابردوو، نەکوشتنی کەس بۆ خۆشەویستی، گۆڕانی دونیابینی |
| مەنسوری بابە گەورە | بکەری هاوکار | هاوکارێکی باش | وەک برا کامەرانی سەلمای خۆشویستووە، داخوازی بۆ کردووە، هاوکاری ماددی کردووە، هانی داوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خالد ئاموون | بکەری بەربەست | فێڵباز | بەکارهێنانی دەسەڵاتی خێڵگەریی، هەموو شتێکی لەپێناو خۆشەویستیدا کردووە، دەستی لە کوشتنی باڵندەکان و کوشتنی کامەراندا هەبووە |
| مەنسوڕ ئەسرین | بکەری بەربەست | تەنها کێبڕکێکار | تەنها کێبڕکێکاربوو، شەڕخواز نەبووە، گۆڕانکاریی لە کەسایەتیدا ڕوویداوە |

کامەرانی سەلما وەک بکەری خود لە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک برادەری چەقوکێش و شەڕکردن و بریندارکردنی کەسێکی وەک مەنووسر ئەسرین و برادەری مەنگوڕی بابە گەورە، لەو کۆمەڵە دەستەواژە و مانا فەرهەنگییانەدا، ڕۆڵی تیماتیکی دەردەکەوێت.

بۆ نموونە بۆ هەر بارێک، دەکرێت کۆمەڵێک وێنەی جۆراوجۆر لە کامەرانی سەلما وەک نوێنەر لە بکەری خوددا، زۆر ڕۆڵی تیماتیکی بە هەر دوو ئاڕاستەی خراپی و باشی لە سەرەتا و کۆتایی لە ڕێڕەویی وێنەیی جۆراوجۆر لە گوتاری گێڕانەوەیدا ببینێت:




## نوێنەران و ڕۆڵی تیماتیکییەکان

- سەوسەن فیکرەت: ڕۆڵی چاکەکاری گێڕاوە و هەوڵی بۆ گۆڕانی مرۆڤەکان و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی داخوازیکارەکانی لە ڕێی خۆشەویستییەوە داوە.

- باڵندەکان: ڕەمزی تەنیایی و بەرائەت و خۆشەویستی و هۆکاری گۆڕانی کەسایەتییەکانن، بە دونیا و دەلالەتی مرۆڤە پاکەکان بەستراون، کە لە شێوەی ناو قەفەس دان و دواجار دەمرن.


- فیکرەت گوڵدانچی: وەک باوکی سەوسەن نموونەی چاودێری و بەرگریکاری کچەکەیەتی و وەک پارێزکار و نموونەی هاوکارییە بۆ کچەکەی.

- نزار فیکرەت و بوشەر : نمونەی قوربانی جەنگ و خەمباری کۆشکن.

- ئاموونییەکان و چەقووکێشەکان: نمونەی دوو هێزی شەڕەنگێزیی و ململانێ و جەنگن و دەسەڵات و هێزیان بەسەر کوشتنی خۆشەویستی و جوانییدا هەیە.

- مەنگوڕی بابە گەورە و ساقی مەحمود و فەوزی بەگ ئاموون، نمونەی یاوەریی دەستەی پشتگیری کێبڕکێکارانن.

## پێکهاتەی گوتاریی لە ئاستی بنیادی ڕووکەشی گێڕانەوەدا




لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی بەختیار عەلیدا بۆ هەر هۆکارێک کۆمەڵێک ڕێڕەوی وێنەیی هەن، بۆ دروستبوونی گوتار کە لە سەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەڕوات، دەبێت خوێنەر لە ئاستی ڕۆمانەکەدا لە کۆتایی خوێندنەوەدا ئەو ڕێڕەوە وێنەییانە کۆبکاتەوە، کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی گوتاردا هەیە، هەر گوتارێکیش نوێنەری هۆکارێکە، کە ڕۆڵی تیماتیکییە، ئەو هێڵکارییەی خراوەتەڕوو، تەنها نموونەیەکی هۆکاری بەربەستە، کە بەشێکە لە گوتاریی گێڕانەوەکە، کۆمەڵێک لەو گوتارە دروستبووانەش لە ڕێڕەوە وێنەییەکاندا دەبنە ئەرکی نوێنەر و هۆکار.

**ئەنجام**

- ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگیینەکان لە ئاستی ڕووکەشی سیمۆلۆژیای دەقدا وەک هەر شیکردنەوەیەکی دیکەی گێڕانەوە بەپێی کار و تیۆری بنیادی ڕووکەشی دەقی گریماس، نموونەی هۆکاریی بەشێوەی تەواو لە هەموو تەوەرەکاندا و لە ئاستی بنیادی گێڕانەوە و ئاستی بنیادی گوتارییدا دەردەکەوێت.

- لە نمونەی هۆکاریدا کامەرانی سەلما دەبێتە خود و سەوسەن فکرەت وەک بابەت و جوانی و سادەییە کەشی وەک پاڵنەر دەبێتە نێرەر، هەریەک لە کامەرانی سەلما و خالید ئاموون و مەنسور ئەسرین دەبنە وەرگر، دواجاریش هەموویان لەدەوری بابەتدا بە کۆمەڵێک بەربەست و هاوکار لە تەوەرەی ململانێ دەردەکەن.

- لە هۆکاری هاوکار/ نوێنەر (مەنسوری بابە گەورە، گەڕان بەدونیا و گۆڕانی دونیابینی)، هەروەها هۆکاری بەربەست (پەیداکردنی باڵندە، نەبوونی پارە، داخوازیکارانی دیکە) بۆ خود دەردەکەون، لە پێکهاتەی گوتاریی ئاستی گێڕانەوەی ڕووکەشیشدا، هەر یەکێک لەو نوێنەر و بکەری هۆکارەکان دەبنە نوێنەری جۆراوجۆری ڕێڕەوی وێنەیی، هەریەکە لەو ڕێرەوە وێنەییانەش گوتاریی گێڕانەوە دروست دەکەن.

**پەراوێز**

(١) زاراوەی هۆکار (العامل) هەردوو واتای بکەر (الفاعل) و نوێنەر (المثل) دەگرێتەوە، لە کاتێکدا هۆکار (العامل) ڕۆڵە هۆکارییەکان لە ئاستی پێکهاتەی گێڕانەوە و بونیادی ڕووکەشی دەقدا جێبەجێ دەکات و واتایەکی گشتی و ڕووتی هەیە و تایبەت و دیاریکراو نییە. بڕوانە: جميل حمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص والخطابات: 86،88. www.alukah.net

(٢) بونیادی قوڵ (پێکهاتەی دەلالی و جەوهەری ناوەرۆک و جەوهەری نیشانە دەگرێتەوە)، واتە سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لە ئاستی قوڵی دەقدا پەیوەستە بە دەلالەتی نیشانەوە. ئێمە لەو توێژینەوەیەدا تەنها لایەنی ڕووکەشی دەق دەخەینەڕوو، هەروەک لە سنووری توێژینەوەدا باسمانکردووە.

(٣) لە توێژینەوەی عەرەبیدا بۆ یەکەمیان: المرکبة السردیة، الخطاطة السردیة، المقوم السردي بەکارهاتووە، بۆ دووەمیان: المرکبة الخطابیة، المقوم الخطابي بڕوانە: (شقروس، ٢٠٠٥: ١٢١)

(٤) تاقیکردنەوەی توانستی: (ویست/زانیاریی/توانین)، تاقیکردنەوەی سەرەکی یان جێبەجێکردن: (ڕووبەڕووبوونەوە/دەسەڵات/ڕێپێدان)، تاقیکردنەوەی کۆتایی: (پاداشت؛ دوو لایەنەیە). کە ئەمانە بە نموونەی هۆکاری دینامیکی (نسق) دەناسرێن.

(٥) گریماس لە زۆر لە توێژینەوەکانی پێش خۆی سوودی وەرگرتوە، بەجۆرێک جگە لە پێدانی مەنهەجیەتی کارەکانی ئەوان، گۆڕانی بەسەر زۆر چەمک و پۆلێنکارییەکانی ئەواندا هێناوە، وەک گۆڕینی ئەرک لای پرۆپ، بە دەربڕینی گێڕانەوەیی (الملفوظ السردي)، هەروەها چەمکی بەدواداهاتنی گێڕانەوەیی یان ئەرکی (تتابع السردیة) گۆڕیوە بۆ هێڵکاریی گێڕانەوەیی (خطاطة السردیة)، بڕوانە: (بودالي و ٢٠١٦: ١٩ و بوضیاف، ٢٠١٧: ٤٩) بۆ نموونە ڤلادمیر پرۆپ لە نموونەی سەت حیکایەتی وەرگیراودا، دوای سەرنج خستنەسەر کەسایەتییەکان بۆ ئەوەی پۆلێنیان بکات، بەمەش سی و یەک ئەرکی دیاریکردوە، بەپێی ئەوە نا کە کەسایەتییەکان چۆنن، بەڵکو بەپێی ئەوەی چی دەکەن، پاشان لە حەفت بازنەدا بەرتەسکی کردنەوە: وەک بازنەی (کاری دوژمنکار و کاری بەخشین و کاری یارمەتیدەر و کاری شاژن و کاری پێسپێردراو و کاری پاڵەوان و کاری پاڵەوانی ساختە) بڕوانە: (عسري، ٢٠١٧: www.oudanad.net). واتە گریماس لە گۆڕینی چەمک و ئەرکەکانی پرۆپدا لە بری کاری ناو گێڕانەوەی حیکایەتەکاندا وەک خەسڵەتی کارەکتەرەکان، کاری بۆ هۆکاریی گۆڕی کە بەشێکە لە بونیادی واتایی.

**سەرچاوەکان**

**بەزمانی کوردی**

**یەکەم: کتێب**

- ڕەئوف، د. لوقمان (٢٠١٦)، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیاوە (١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و بڵاوکردنەوە.

- ئەلوەنی، پ.ی.د.نەجم خالید (٢٠٠٩)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا. دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم هەولێر، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

- بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان. چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی**

- خۆشناو، سەرباز عومەر مەجید (٢٠١٦)، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا. ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

**یەکەم: کتێب**

- بنگراد، سعيد (١٩٩٤)، مدخل إلى السيميائيات السردية، منشورات الاختلاف، الطبعة1 ، الجزائر.

- بنگراد، سعيد (٢٠٠٣)، مدخل إلى السيميائية السردية والخطابية. ت/ جمال حضري، منشسورات الأختلاف، الجزائير، ط/الاولى.

- بنگراد، سعيد (٢٠١٢)، السيميائيات مفاهمها وتطبقها. الطبعة الثالثة، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا.

**دووەم: گۆڤار**

- حمداوى، د. جميل (١٩٩٧)، السيميوطيقا والعنونة. مجلة عالم الفكر الكويتية، مجلد (٢٥)، عدد(٣)، مارس، تصدر عن مجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب – دولة الكويت.

- شقروس، د. شادية (٢٠١٥)، العوامل في السيميائيات السردية. مجلة كلية التربية/ جامعة واسط ععد العشرون

- لخضر، د.حشلافي (٢٠٠٥)، أ.بدرينة فاطمة، السيميائيات السردية من فلادمير بروب إلى غريماس. مجلة مقاليد، العدد 9، جامعة الجلفة (الجزائر).

**سێیەم: نامەی ئەکادیمی**

- أونيس، كمال(٢٠١٢-٢٠١٣) ، النمذج العاملي في الرواية "مذنبون لون دمهم في كفي" للحبيب السائح. الماجستير، جامعة محمد خضير بسكرة، ٢٠١٢-٢٠١٣.

- بوضياف، أحمد أمين (٢٠١٦-٢٠١٧)، إيستراتيجية البيناء العاملي وديناميكية. رسالة ماجستير، جامعة بن يوسف بن خدة، كلية اداب واللغات/ الجزائير.

- بودالي، محمد (٢٠١٥-٢٠١٦)، اشتغال النموذج العاملي في رواية "تلك المحبة" لجيب السايح دراسة السيميائية. رسالة ماجستير، كلية الاداب والفنون قسم اللغة و الأدب العربي، جامعة احمد بن بلة وهران، الجمهورية الجزائرية، الجزائير.

- بوعيظة، سعيد (٢٠١٣)، الرجعية المعرفية للسيميائيات السردية – جريماس نموذجا Semat NO1N0، University of (May)45-55 Bahrain

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

- جميل حمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص والخطابات: 86،88. www.alukah.net

- عسري، حسين (٢٠١٧)، سيميائية الشخصيات الروائية. مجلة عود الند، عدد 94، www.oudanad.net.

**الملخص**

تعد السيميائية علماً لدراسة جميع أنواع العلوم المختلفة، ومنها العلوم الإنسانية كالأدب والفن. واصبحت السيميائة كذلك منهجاً نقدياً يساعد على فهم النصوص والأنساق العلامية وتأويلها.

وقد اختار الباحث عنوان (السيمياء السردي في رواية قصر الطيور الحزينة) للكتاب بختيار علي. بالاعتماد على آراء كريسمان في السيميائية للكشف عن الأنساق العلامية للتراكيب السردية والخطابية في رواية قصر الطيور الحزينة.

**Abstract**

Semiology has many connections to the human beings' life such as: philosophy, logic, anthropology, phenomenology, medicine, language, literature …etc. Semiology is an important method that is estimated in the new literary criticism. Semiology deals with both levels, surface and intended, of context in the frame of narration and discourse. The 1960s move of semiology in France had a great impact on the context dimensions and interpretations. This paper is entitled (Semiological Narration in Bakhtyar Ali's Novel 'The Mansion of Blue Birds'), the method of the research depends on the semiological classification of Grimes for the surface level of the context (Discourse and Narration principles).